# پەیوەندی نێوان کوردو سۆڤیەت لەسەێ بەڵگەنامەی بەریتانیدا

پ. د. سەعدی عوسمان هەروتی
کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر


لای هەمووان ئاشکرایە کە ڕێبەرانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لەزۆربەی قۆناغەکاندا هەوڵیانداوە پشتیوانی وولاتانی زلهێز بەدەست بێنن. بێگومان ئەمەش لەسۆنگەی زانینی ئەو ڕاستیە بوو کە چارەنووسی زۆربەی میللەتانی داگیرکراو وچەوساوە، بەسیاسەتی ئەم زلهێزانەوە بەندە. بۆیە لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولیشدا مەلا مستەفا بارزانی و سەرانی شۆڕش توانیبوویان پردی پەیوەندی لەگەڵ هەندێ وولاتی زلهێز وخاوەن بڕیاری کاریگەر، دابمەزرێنن؛ بەتایبەتی یەکێتی سۆڤیەت کە بابەتی سەرەکی باسەکەی ئێمەیە. ئەم وولاتە زلهێزە کە دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد بۆ ماوەی چەند ساڵێك بارزانی وهاوەڵانی حەواندبۆوە، لەم ماوەیەدا تێکەڵییەکی باشی لەگەڵ سەرانی کوردو دۆزی کورد لەعیراقدا هەبوو. هەروەها لەگەڵ حکومەتی بەعسی ئەم وولاتەش پەیوەندی دۆستانەی هەبوو. هەر لەم ڕێگەیەوە دەیویست ڕۆڵێکی سەرەکی لەڕووداوەکانی ناوچەکە ببینێ و دۆزی کورد لەم وولاتەدا یەکلابکاتەوە، هەروەکو لەم بەڵگەنامانەی بەردەستمان دەردەکەوێ.

لەسەرێکی ترەوە، وولاتانی زلهێزی تر بەنیگەرانییەوە سەیری ئەم ڕۆڵەی سۆڤیەتیان دەکردو دەیانبینی کە خەریکە وەکو تاکە زلهێزی خاوەن بڕیار لەناوچەکەدا دەردەکەوێ. یەکێك لەم وولاتە زلهێزانە بریتانیا بوو کە لەم باسەدا بۆ ئێمە گرنگە. ڕاستە بریتانیا ئەم هەژمونەی پێشتری نەمابوو کە لەسەردەمی پاشایەتی لەعیراقدا هەیبوو، بەڵام هێشتا دەستبەرداری هەموو بەرژەوەندییەکانی نەببوو لەم وولاتەدا. بۆیە ئاسایی بوو کەبەهێزبوونی پێگەی سۆڤیەت لەوێدا نیگەرانی بکات. ئەمەش بەڕوونی لەنامەو ڕاپۆرتەکانی ئەم ماوەیەی دیپلۆماتکارانی بریتانی دەردەکەوێ کە بۆ بەرپرسانی سەرووی خۆیان ناردووە لە لەندەن. لەم باسەدا تەنیا سێ لەم بەڵگەنامانە دەخەینەڕوو کە لەساڵی ١٩٧١دا نووسراون. بەڵگەنامەکان لەئەرشیڤی نیشتیمانی (National Archive) لە لەندەن لەنێو فایلێکی تایبەت بەدۆزی کورد لەعیراقدا  بەم ناونیشانە(FCO 17/1531, File No. NEQ 1/3, Title: problem of Kurds in Iraq) هەڵگیراون.

سەرەتا بەڵگەنامەکان بە دەقی خۆیان بەڵام دوای وەرگێڕانیان بۆ کوردی، دەخەینەڕوو. دواتریش لەچەند خاڵێکدا شرۆڤەیان بۆ دەکەین. بێگومان مافمان بەخۆمان نەداوە بۆ دەستکاریکردنی دەقەکان، تەنیا ئەوە نەبێ کە لەهەندێ شوێنی پێویستدا دەربڕینەکانمان لەگەڵ زمانی کوردی گونجاندووە بۆ ئەوەی خوێنەری کوردی تێیانبگا. جارجارەش بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لەنێو کەوانەیەکی وادا [ ] قسەی خۆمان کردووە. هەندێ پەراوێزیشمان داناوە بۆ ئاماژەدان بەسەرچاوەی هەندێ زانیاری وهەروەها ناساندنی چەند ناوێك کە لەبەڵگەنامەکاندا هاتوون.



# (بەڵگەنامەی یەکەم)


BRITISH EMBASSY

MOSCOW

16 August 1971

Miss V Beckett
Near Eastern Department
Foreign & Commonwealth Office
London SW1

Dear Miss Beckett -

Pravda of 16 August carried an article by Demchenko, its Middle East "expert", on the 25th anniversary of the Democratic Party of Kurdistan. He dwelt on the difficult history of repression and clandestine activity which the party had gone through before becoming "one of the most powerful political organisations of modern Iraq." He recalled that in 1946, the British had been commanding the Iraqi Army and that British planes had smashed more than 50 villages in the operation against the Kurds. The path to peace in Kurdistan had been a difficult one, with internal reactionary circles, imperialist and Zionist agencies working against a settlement. But the settlement had come in March 1970 and "although the implementation of the March agreement had met with a number of difficulties, many of its articles (were) already fulfilled", thereby improving the internal situation in Iraq and allowing the government to reallocate important sections of the budget to improving the country's economic development. On the internal political scene, the DPK was calling for the creation of a national-democratic front, comprising all anti-imperialist forces, including the Ba'ath ruling party, the DPK and the Communist Party.

Yours ever -

Nick Livingston.

N H Livingston

Copied to: Chancery, Baghdad

CONFIDENTIAL

بەڵگەنامەی یەکەم

باڵیۆزخانەی بریتانیا

مۆسکۆ

١٦ی ئاب ١٩٧١

ئازیزم خاتوو بیکێت:

(پراڤدا)(١) ی ١٦ی ئاب ووتارێکی لەبارەی یادی ٢٥ ساڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان تێدایە، کە لەلایەن (دیمچینکۆ) ی "پسپۆڕ" ی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست [لەڕۆژنامەکە] نووسراوە. ناوبراو باسی ئەو مێژووە ناهەموارو پڕ لەچەوسانەوەو خەباتی نهێنییەی کردووە، کە پارتەکە پێیدا تێپەڕیوە بەر لەوەی ببێتە "یەکێک لەڕێکخراوە سیاسییە هەرە بەهێزەکانی عیراقی ئێستا". هەروەها ئەوە بەبیردێنێتەوە کە لە١٩٤٦دا بریتانییەکان سەرکردایەتی لەشکری عیراقیان دەکرد و فڕۆکە بریتانییەکانیش لەئۆپەراسیۆنەکانی دژی کوردەکان زیاتر لە ٥٠ گوندیان وێرانکرد. بەگوتەی ئەو ڕێچکەی ئاشتی لەکوردستان بووەتە ڕێگایەکی سەخت، بەهۆی لایەنە کۆنەپەرستە نێوخۆییەکان وهێزە ئیمپریالیست و زایۆنیستەکان کە دژی سەقامگیری کار دەکەن. بەڵام ئەو سەقامگیرییە لەئاداری ١٩٧٠ هاتەئاراوەو "هەرچەندە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی ئادار ڕووبەڕووی ژمارەیەك کۆسپ وتەگەرە بۆتەوە، بەڵام ئێستا زۆرێك لەماددەکانی پیادەکراون". هەر پەیوەست بەمە، ناوبراو دەڵێ باشکردنی بارودۆخی ناوخۆیی لەعیراقدا و دەست واڵاکردنی حکومەت بۆ تەرخانکردنی پارەی پێویست بۆ کەرتە گرنگەکان لەبودجەدا، دەبێتە هۆی هاندانی پەرەسەندنی ئابووری لەووڵاتدا. لەچوارچێوەی سیاسەتی ناوەخۆشدا، پ.د.ك [پارتی دیموکراتی کوردستان] بانگکراوە بۆ پێکهێنانی بەرەی دیموکراتی- نیشتیمانی، کە دەیەوێ هەموو هێزە دژە ئیمپریالیستەکان لەخۆبگرێ، لەنێویشیاندا پارتی بەعسی دەسەڵاتدار، پ.د.ك لەگەڵ پارتی کۆمۆنیست.

ئیمزا

ئێن. ئێچ. لیڤینگستۆن

دانەیەك بۆ باڵیۆزخانەمان لە: بەغدا

ڕێچکەی ئاشتی لە کوردستان بووتە ڕێگایەکی سەخت، بەهوی لایەنە کونەپەرستە نێو خوییەکان و هێزی ئیمپریالیست و زایونیستەکان کە دژی سەقامگیری کاردەکەن.

## (بەڵگەنامەی دووەم)

نهێنی

باڵێۆزخانەی بریتانیا
بەغدا ١/١١

خاتوو ف. ئی. بیکێت
بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک
وەزارەتی دەرەوەو کۆمنوێلس
لەندەن


ئازیزم ڤیرۆنیکا:

پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ USSR[یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆشیالیستی]

١- لەنامەکەتدا NEQ) ٣/١ لە٢٨ی ئەیلول) پرسیارت کردبوو (نەک بۆ هەموو) ئایا ئێمە هیچ زانیارییەکی نوێمان هەیە لەبارەی ئاستی تێکەڵی ئێستای سۆڤیەت لەگەڵ کوردان.

٢- بێگومان هەندێ بەڵگەی زۆر بەرجەستە لەگۆڕێدانە؛ بەڵام یەکیان ئەو ئاگادارکردنەوەیە کە شاندی نۆڤیکۆڤ (لەنامەکانی باڵیۆز ٣/١٣ لە ٢٦ی حوزەیران و ٣ی تەمموز بۆ ڕیچارد ئیڤانس، لەبارەی نووسراوە) لەحوزەیرانی دوایی داویەتیە پ. د. ک. ئەمەش کاتێ بوو نۆڤیکۆڤ لە ٢٣ی حوزەیران لەڕێگای خۆی لایدا بۆ لقی پێنج (دەکەوێتە بەغدا)ی پ. د. ک، کە لەوێ باگهێشتکرابوو. هەواڵ و دەنگۆی ئەم سەردانە زۆرباش بلاوبۆتەوە، لەنێویشیاندا گوزارشی نۆڤیکۆڤ کە گوتوویەتی «دامەزراندنی ئاشتی لەعیراقدا دەبێتە هۆی پتەوکردنی یەکێتی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئەو وولاتە، بێگومان ئەمەش خزمەتێکی تەواو بە خەباتی دژی ئیمپریالیزم، زایۆنیزم وکۆنەپەرستی دەکات». کە بەئاشکرا مەبەستی دانپێدانانی هەموانە بە ڕێکەوتننامەی یازدەی ئادار.

٣- کاتێ من لەسەر ئەمە تێبینیم بە (فیدۆتۆڤ)ی کونسوڵی چارگ (Consular charge)(٢)ی سۆڤیەتی دا، دوای نزیکەی هەفتەیەك، ئەو ئاماژەی بەوەدا کە یەکێك لە پڕهیواترین دەرەنجامەکانی شاندەکەی نۆڤیکۆڤ بریتی بوو لەچارەسەری زیرەکانەی پەیوەندییەکانی عەرەبی/ کوردی و گۆڕینی بەرەو باشتر، کەهاوکات بوو لەگەڵ سەردانەکە. بێگومان ڕاستە کە ڕۆژنامەکان لە ٢٤ی حوزەیران بەهەمان شێوە ڕووماڵێکی باشی قسەکانی سەددام حوسێنیان کردبوو بۆ لقی پێنجی پارتی (بەتایبەتی جەختکردنەوەی لەسەر هاریکاری زیاتر لەنێوان هێزە شۆڕشگێڕەکان لەبەرامبەر دوژمنی سەرەکی). هەرچەندە واپیشاندرا کە بانگەوازەکەی سەددام هیچ پەیوەندییەکی بەسەردانەکەی نۆڤیکۆڤ نیە، بەڵام لەڕاستیدا بەشێك بوو لە هەمان ڕووداو. پێدەچێ ڕۆژنامەکان



CONFIDENTIAL

BRITISH EMBASSY
BAGHDAD
12 October 1971

1/1

Miss V E Beckett
Near Eastern Department
FCO
London

Dear Veronica,

KURDISH LINKS WITH THE USSR

1. You asked in your letter NEQ 1/3 of 28 September (not to all) whether we had any new information about the extent of the present Soviet involvement with the Kurds.

2. There are, of course, few very tangible pieces of evidence. But one was the attention which the Novikov mission (reported in the Ambassador's letters 3/13 of 26 June and 3 July to Richard Evans) of last June paid to the KDP. In particular, Novikov went out of his way to call on the 5th Branch (based in Baghdad) of the KDP on 23 June. There was a good deal of publicity for the visit, during which Novikov was reported to have said that "the establishment of peace in Iraq has come to consolidate the unity of the progressive forces in this country, thus serving as a sure guarantee in the struggle against Imperialism, Zionism and Reaction" - clearly a round-about public endorsement of the March 11 Agreement.

3. When I commented on this to Fedotov, the Soviet Consular/Charge, about a week later, he remarked that one of the most hopeful outcomes of the Novikov mission had been the sharp upturn for the better in Arab/Kurdish relations which had coincided with the visit. It is certainly true that the newspapers on 24 June also carried a good deal of coverage on Saddam Hussein's speech to the KDP 5th Branch (mostly on the need for closer co-operation among the revolutionary forces in the face of the usual ogres). Saddam's call was presented as having taken place separately from the Novikov visit, but actually was part of the same event. Presumably the newspapers had been told not to identify the Russians too obviously with Saddam's efforts to heal the strains that were becoming apparent between the Ba'ath and the KDP.

4. There are a variety of other small straws in the wind which all seem to point the same way. When, for example, Barazani sent an emissary to Baghdad (so Fedotov told the Ambassador) on the very day of President Bakr's heart attack last month, the emissary, having paid his respects at the Presidential Palace, went/

CONFIDENTIAL

بەڵگەنامەی دووەم

پێیان گوترابێ کە هەوڵەکانی ڕوسەکان زۆر بەئاشکرا نەکەن بەهاوتای هەوڵەکانی سەددام بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرژییەی کە خەریکبوو لەنێوان بەعس و پ. د. کبەدیاردەکەوت.

٤- هەندێ ئاماژەی تریش هەن کە هەمان ئاراستەمان پیشان دەدەن. بۆ نمونە کاتێ بارزانی نێردراوێکی هەناردە بەغدا (وەك ئەوەی فیدۆتۆف بە باڵیۆزی گوت) لەو چەند ڕۆژەی کە سەرۆك بەکر گوێبیستی هێرشەکە [هەوڵی کوشتنی بارزانی] بوو لەمانگی ڕابردوو، نێردراوەکە لەکۆشکی سەرۆکایەتی ڕێزی خۆی پێشکەشکرد، دواتر ڕاستەوخۆ چووە باڵیۆزخانەی سۆڤیەت بۆ ئەوەی ئاشکرای بکا کە لەکۆشکدا چی باسکرا (لەوانەشە باسی دوا هەواڵەکانی سەرکردایەتی پارتی کردبێ). بەهەمان شێوە، چەند هەفتەیەکی کەم پێش مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، فیدۆتۆف لای باڵیۆز [باڵیۆزی بریتانیا لەبەغدا] دانی بەوەنا کە ئەوان "پیاوێکی خۆیان" لەناو سەرکردایەتی کوردی هەیە. هەر لەو بارەیەوە، ئەو کەسە لەوانەیە پەیامنێری دەزگای تاس(٣) بێ زیاتر لەوەی دیپلۆمات بی. بەلاّم ئەم بەهەڵە دەرکاندنە ئاماژەیەکی ڕوونە و پیشاندەدا کە ڕوسەکان سەرگەرمانە تێکەلاّوییان هەیە لەگەڵ دەرەنجامەکانی ڕێکەوتننامەکە، زۆر زیاتر لەوەی کە بەئاشکرا دانیان پێداناوە. لەلایەکی تر، پ. د. ك بەدرێژایی ئەم ساڵە چەند شاندێکی خۆیان ناردۆتە یەکێتی سۆڤیەت. هەروەها وەزیری کاروباری باکوور بەم دواییانە تێبینی داوەتە باڵیۆز کە باڵیۆزخانەی سۆڤیەت ڕاستەوخۆ دەرفەتی خوێندن [زەماڵە] و هاریکاری تەکنیکییان بۆ پ. د. ك دابینکردووە (نەك لەڕێی حکومەتی ناوەندی).

٥- بێگومان ڕوسەکان دەبێ زۆر بەووریاییەوە لەگەڵ کوردان هەڵسوکەوت بکەن، ئەگەر بیانەوێ پێگەیان لای بەعس وەکو خۆی بمێنێ. بەلاّم تا ئەو کاتەی هاوپەیمانی لەگەڵ پ. د. ك بەدەستکەوتێکی سەرەکی دادەنرێ بۆ ڕژێم (سەرەڕای گیروگرفتەکانی ئێستا)، پێدەچێ سیاسەتی سۆڤیەت بەردەوام بێ لەسەر بەتەنگەوەبوونی هاندانی پەیوەندی باش لەگەڵ پ. د. ك.

ئیمزا

ئەی. سی. دی. ئێس. ماکرای

دانەیەك بۆ باڵیۆزخانەمان لە:

مۆسکۆ، تاران، کوەیت، بەیروت

## (بەڵگەنامەی سێیەم)

باڵیۆزخانەی بریتانیا

پۆلین نەکراو

مۆسکۆ ٣/١٢٠

١١ی تشرینی دووەم، ١٩٧١

خاتوو ڤیرۆنیکا بیکێت

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیك

وەزارەتی دەرەوەو کۆمۆنوێلس

ئازیزم خاتوو بیکێت:

پەیوەندییەکانی سۆڤیەتی- کوردی


١-(پراڤدا) ی ٥ی نۆڤەمبەر ووتارێکی درێژی (دیمچینکۆ) ی «پسپۆڕ»ی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕۆژنامەکەی تێدایە. لەبارەی گیروگرفتە هەنووکەییەکانی بەردەم پارتی کوردی لەعیراق [پ. د. ك].

٢- دەنگوباسی هەوڵی کوشتنی مستەفا بارزانی وایکردبوو (دیمچینکۆ) بچێتە عیراق و هەرێمی کوردی. زۆربەی ووتارەکەشی بریتییە لەزانیاری ئاسایی، لەگەڵ گێڕانەوەیەکی کورتی هەوڵی کوشتنی بارزانی، بێ ئەوەی ئەم هەوڵە بۆ هیچ ململانێیەکی حیزبی دیاریکراو بگێڕێتەوە. لەگەشتەکەیدا دیمچینکۆ لەلایەن "ئەفسەرێکی ئاسایش" هاوڕێیەتی کراو بۆ ڕێکخستنی گەشتەکەشی هەندێ جۆرە یارمەتی لەلایەن (تاریق عەزیز) ەوە پێشکەشکرا. کە سەرنووسەری (الثورة)ی ڕۆژنامەی بەعس بوو. ئەو [واتە: دیمچینکۆ] باسی ڕەوتی کێشەی کورد دەکات لەعیراقدا لەگۆشەنیگای سۆڤیەتەوە، کە پێگەیەکی بەرز بەڕێکەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ دەدات. ئەو دەڵێ شتێکی شاردراوە نیە کە ڕێکەوتننامەی ئادار پشتیوانیکەرانی زۆری هەن، بەلاّم نەیارانێکیشی هەن لەنێویشیاندا عیراق. "لەبەر ئەم هۆکارە چەندین کۆسپ وتەگەرە دێنە بەردەم پیادەکردنی، بەجۆرێك چەند ماددەیەکی دیاریکراو بەهێواشی پیادەدەکرێ، ئەوانی تریش هێشتا چاوەڕوانی جێبەجێکردنن".

٣- دوو فاکتەری تری سەربار، گرفتی زیاتر بۆ هەڵومەرجەکە زیاد دەکەن. [یەکەمیان] "هێشتا یەکێتی لەووڵاتەکەدا نیەلەنێوان هێزە سیاسییە سەرەکییەکان، کە بڕیارە بەرەی پێشکەوتنخواز پێکبهێنن- پارتی بەعسی دەسەلاّتدار، پ. د. ك و پارتی کۆمۆنیست". فاکتەری دووەم بریتییە لە هەوڵەکانی هێزە ئیمپریالیستەکان، کۆمپانیاکانی پترۆڵ وبریکارەکانیان، بۆ لاوازکردنی تواناو سەقامگیری دەسەلاّتدارێتی لەعیراقدا، ئامانجی لەپێشینەی ئەوان ئەوەیە کە ناکۆکی لەنێوان کوردو عەرەبدا بێنن. بەلاّم خۆشبەختانە لەدوای هەوڵی غافلکوژکردنی بارزانی، حکومەتی عیراق و کوردەکان داناییەکی تەواویان پیشانداو بەو ئاوازە خوێندیان کە هەڵومەرجەکە نەگاتە ئاستی لەدەست دەرچوون. ڕۆژنامەگەری

وعیراق. بەتایبەتی مەسەلەی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، کە لەم نامانە جێگەی تێڕامانی بەرپرسانی بریتانیا بووەو بەدواداچوونیان بۆ کردووە. بێگومان ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا دۆزی کورد ڕەهەندێکی نێودەولەتی وەرگرتووە.

٢- نووسینی ئەم ووتارانە لەبارەی ڕووداوە هەنووکەییەکانی پەیوەست بەکورد لە (پراڤدا)، بەڵگەی بایەخدانی حکومەتی سۆڤیەتە بەدۆزی کورد لەعیراقدا. چونکە ئەم ڕۆژنامەیە گرنگ وسەرەکییە، زمانحاڵی پارتی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدار بوو لەم وولاتە، تەنانەت وەکو ڕۆژنامەی فەرمی حکومەتی سۆڤیەتیش ئەژمار دەکرا. بێگومان لەناوەڕۆکی ئەم بەڵگەنامانەش بەئاشکرا دەردەکەوێ کەسۆڤیەت بایەخی تەواوی بەدۆزی کورد داوەو لەم ماوەیەدا هەوڵی ڕاستەقینەی داوە بۆ بەئاکام گەیاندنی. هەروەکو دیارە ئاماجی سەرەکیشی ئەوەبوو کەعیراقێکی یەکگرتوو وبەهێز بێتەئاراوەو لەم وولاتە کونج وکەلەبەرێك نەمێنێتەوە بۆ دەستوەردانی وولاتە زلهێزەکانی تر. بەتایبەتی وولاتانی سەربە بلۆکی ڕۆژئاوا کە بەرپرسانی سۆڤیەت بە "ئیمپریالیزم وزایۆنیزم


UNCLASSIFIED
3/120

BRITISH EMBASSY
MOSCOW

NEQ 1/3

Miss Veronica Beckett
Near Eastern Department
Foreign and Commonwealth Office

11 November, 1971

Copy to Assessment Staff

Dear Miss Beckett


SOVIET-KURDISH RELATIONS

1. Pravda of 5 November carried a long article by its Middle Eastern "expert" Demchenko on the present difficulties being encountered by the Kurdish party in Iraq.

2. News of the attempt on the life of Mustafa Barzani (briefly reported at the time in Pravda) had taken Demchenko to Iraq and into Kurdish territory. Much of the article is devoted to local colour, as well as to a brief account of the attempt on Barzani's life, without attributing this to any specific faction. Demchenko was accompanied on the trip by a "security officer" and had been given some form of help in arranging his trip by Tariq Aziz, the chief editor of As-saura, the Ba'ath newspaper. He described the course of the Kurdish problem in Iraq in the usual Soviet terms, giving pride of place to the March 1970 agreement. He said it was no secret that the March agreement had not only its supporters, but also its opponents within Iraq. "It is for this reason that its implementation is running into difficulties, that certain articles are being implemented slowly, that others still await realisation".

3. Two further factors render the situation rather more difficult. "There is still no unity in the country between the basic political forces, which compose the progressive platform - the ruling Ba'ath Party, the KDP and the Communist Party." The second factor is the determination of Imperialist powers, Petroleum companies and their agents to undermine the strength and stability of the authorities in Iraq. They prefer to see antagonism between the Kurds and the Arabs. Fortunately, the Iraqi Government and the Kurds had displayed sufficient wisdom and sang froid to prevent circumstances getting out of control following the attempt on Barzani's life. The local press has pointed to the fact that the worst provocations, in recent times, usually occur when there are some signs of a rapprochement between "the basic political parties" and when the possibilities of forming a national front seem greatest.

بەڵگەنامەی سێیەم
لاپەری دووەم


- 2 -

4. Pravda on 28 October carried a very brief report to the effect that Barzani had received the Soviet Committee of Solidarity with the Countries of Asia and Africa, led by Academician B G Gafurov.

Yours ever
Nick Livingston
N H Livingston

c.c.
Chanceries:
Baghdad
Tehran
Amman
Cairo
Bahrain

بەڵگەنامەی سێیەم
لاپەری یەکەم

خۆجێییش ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن کەخراپترین تووڕەکردن [استفزاز] لەئێستادا ئاساییە بەدیاربکەوێ، لەکاتێکدا کە هەندێ نیشانەی نزیکبوونەوە لەنێوان پارتە سیاسییە سەرەکییەکان، لەئارادایەو ئەگەرەکانی پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتیمانی بەهێزتر دیارن.

٤- پراڤدا لە ٢٨ی تشرینی یەکەمدا ڕاپۆرتێکی زۆر کورتی لەخۆگرتبوو لەبارەی کاریگەری پێشوازیکردنی بارزانی لەکۆمیتەی سۆڤیەتی بۆ هاوبەندی لەگەڵ وولاتانی ئاسیاو ئەفریقیا، کە لەلایەن ئەکادیمی (ب. ج. غەفوروڤ) سەرکردایەتی دەکرا.

ئیمزا
ن. هـ. لیڤینگستۆن

دانەیەك بۆ بالیۆزخانەکانمان لە:
بەغدا، تاران، عەممان، قاهیرە، بەحرەین

دوای وووردبوونەوە لەناوەڕۆکی ئەم بەڵگەنامانە، دەتوانین چەند زانیارییەك هەڵێنجین وهەندێ تێبینی بخەینەڕوو کە ئەمانەن:

١- بەر لەهەر شتێك نووسینی ئەم نامانە لەلایەن دیپلۆماتکارانی بریتانیاوە، بەڵگەیە لەسەر بایەخدانی ئەم وولاتە زلهێزە بەکێشەی کورد و ڕووداوەکانی کوردستان

وکۆنەپەرستی" ناویان دەبردن، وەکو لەیەکێك لەبەڵگەنامەکاندا هاتووە. بێگومان سۆڤیەت خۆی سەرکردایەتی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی دەکرد لە (جەنگی سارد) دا کە لەم ماوەیەدا لەنێوان هەردوو بلۆکدا گەرم بوو.

٣- ئەم بەڵگەنامانە باسی قۆناغێکی هەستیار دەکەن لەپەیوەندی نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا. هەرچەندە ئەم پەیوەندییە بەهۆی بەستنی ڕێکەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ پەرەسەندنێکی باشی بەخۆوە بینیبوو، بەڵام لەم ماوەیەدا ساردییەك لەنێوانیاندا پەیداببوو؛ چونکە نزیکەی ساڵێك ونیو تێپەڕیبوو کەچی شتێکی ئەوتۆ لەڕێکەوتننامەکە جێبەجێ نەکرابوو. دواتریش بەهۆی هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی لەئەیلولی ١٩٧١، بەتەواوی گرژی دروست ببوو. دیارە سۆڤیەتیش بەتەنگ چاکردنەوەی پەیوەندییەکان وسەرگرتنی ڕێکەوتننامەی ئادار بوو کەخۆی ڕۆڵی هەبوو لەسازکردنی زەمینەی بەستنی (هەروەکو لەهەندێ بەڵگەنامەی تردا دەردەکەوێ). (٤) هەروەها دەردەکەوێ کەبەرپرسانی سۆڤیەتیش دەیانزانی ڕێکەوتننامەکە بەدڵی هەموو لایەك نیە، بەتایبەتی حکومەتی بەعس کەخۆی گران دەکرد لەجێبەجێکردنی بەندەکانی. هەر سەبارەت بەڕێکەوتننامەی ئادار تێبینی ئەوە دەکەین کە دەزگا فەرمییەکانی بریتانیاش بە"ڕێکەوتننامە" ناوی دەبەن، نەك (بەیان) وەکو هەندێ کەس ولایەن پێیان خۆشە واناوی ببەن.

٤- لەم بەڵگەنامانە دەردەکەوێ کە سەرکردایەتی کورد پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ حکومەتی سۆڤیەتدا هەبوو. بەجۆرێك شاندی فەرمی ئەم حکومەتە سەردانی کوردیان دەکردو لەگەڵ سەرانی کورد (لەنێویشیاندا بارزانی) کۆدەبوونەوە؛ وەکو سەردانەکەی (نۆڤیکۆڤ) بۆ لقی پێنجی پارتی و پێشوازیکردنی بارزانی لە (کۆمیتەی سۆڤیەتی بۆ هاوبەندی) ئەمە سەرباری دابینکردنی زەمالەو هاریکاری تەکنیکی بۆ کورد لەلایەن سۆڤیەتەوە. بێگومان حکومەتی سۆڤیەت ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ کورد دەبەست نەك لەڕێی حکومەتی عیراقەوە. دیارە ئەمەش بەرپرسانی عیراقی نیگەران کردبوو. لەبەرامبەریشدا سەرانی کورد سۆڤیەتیان وەکو پشتیوانی سەرەکی خۆیان دادەناو لەباس وخواسی نێوان خۆیان و حکومەتی عیراق ئاگاداریان دەکردەوە. هەندێ جاریش هەر بۆ ئەم مەبەستە سەردانی باڵیۆزخانەی سۆڤیەتیان دەکرد لەبەغدا. زیاتر لەوەش بەپێی یەکێك لەبەڵگەنامەکان بێ، حکومەتی سۆڤیەت پیاوی خۆی لەنێو سەرکردایەتی کوردیدا هەبووە.

٥- سەرەڕای پەیوەندییەکانی دۆستانەی لەگەڵ کورددا، سۆڤیەت دەستبەرداری بەرژەوەندی وبەهێزکردنی پێگەی خۆی نەبوو لای حکومەتی بەعس لەعیراقدا. بەڵکو بەتێپەڕبوونی کات ئەم پەیوەندییەی دوایی بەلاوە گرنگتر بوو، بۆیە دواتر لەساڵی ١٩٧٢دا پەیماننامەی دۆستایەتی لەگەڵ عیراقدا مۆرکرد، کە پێگەی بەعسی لەدەسەڵات و لەهەمبەر کورد بەهێزتر کرد. ئەوەتا لەدەقی ڕاپۆرتێکی بریتانیدا هاتووە کە ئەم پەیماننامەیە "ئاماژەی قۆناغێکی نوێیە لەهاوکاری زێدەتر کارا لەنێوان حیزبی بەعس ومۆسکۆ".(٥)

٦- لەم بەڵگەنامانە دەردەکەوێ کە حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار زۆر بەتەنگ پێکهێنانی ئەو بەرەیە بووە کەناوی لێنابوو (بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز)، دیارە زۆر مەبەستیشی بوو کە پ. د. ك بەشدار بێ تیایدا، بەو پێیەی لەو دەمەدا پارتی سەرەکی بووە لەهەرێمی کوردستان. هەروەها لەسەر ئاستی عیراقیش هێزێکی سیاسی گرنگ بووە، وەك لەخودی بەڵگەنامەکان دەردەکەوێ. دیارە بایەخدان بەپێکهێنانی ئەم بەرەیەش لەلایەن بەعس، دەگەڕێتەوە بۆ نیازی نەهێشتنی نەیارەکان و بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەدەسەڵاتدا. بەتایبەتی کە ئەو حیزبە ماوەیەکی زۆر نەبوو هاتبووە سەر دەسەڵات (تەنیا سێ ساڵ بوو).

## پەراوێز

١. پراڤدا (بەکوردی واتە: ڕاستی) ناوی ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی روسییە کە بەفەرمی زمانحاڵی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت بوو. یەکەم ژمارەی لە ٥ی ئایاری ١٩١٢ دەرچوو. لەسەردەمی سۆڤیەتدا بووە یەکێك لە پرهەژموونترین ڕۆژنامەکان لەم وڵاتەدا و تیراژی گەیشتە ١١ ملیۆن دانە. ئەم ڕۆژنامەیە هەرچەندە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت لە١٩٩١دا تووشی هەندێ کێشەی سەرەکی بۆوە بەتایبەتی بەهۆی گۆڕانی خاوەندارێتی ڕۆژنامەکە، بەڵام دواتر هەستایەوەو تا ئێستاش بەردەوامە لەدەرچوون.

٢. بەرپرسێکە لەباڵیۆزخانەدا کار دەکات.

٣. TASS: مەزنترین ئاژانسی هەواڵی ڕوسییە و دوای ڕۆیتەر و ئەسیۆشێتد پرێس و فرانس پرێس، چوارەمینە لەسەر ئاستی جیهان. لە ١٩٠٢ دامەزراوەو ناوەندەکەی لەمۆسکۆیە و حکومەت خاوەندارێتی دەکات. لەسەردەمی سۆڤیەتدا ئاژانسی سەرەکی دابینکردنی هەواڵ بوو بۆ ڕۆژنامەو وێستگەکانی ڕادیۆ و تەلیڤیزیۆن لەم وڵاتەدا. دوای ڕووخانی سۆڤیەت ماوەیەك ناوەکەی گۆڕا بۆ (ITAR- TASS) بەڵام لە ٢٠١٤ هەمان ناوی جارانی وەرگرتەوەو ئێستاش بەهەمان ناو بەردەوامە.

4. NA, FCO 51/358, File No. RR 6/4, Title: Research Middle East (Iraq-Soviet Relations 1968-1973), Research Department memorandum (The Kurdish Problem in Iraq 1968- 1971), RR 6/10, 6 December 1971.

5. NA, FCO 8/2089, File No. NBR 1/1, Title: Annual review for Iraq, Diplomatic report no. 175/73.